**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٦٥/٢٠ لە ٢٠٢١/٣/١**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٣ ، ئەمەش بۆ زیاتر پەیڕەوکردنی ماددەی (٢)ی یاسای وەزارەت و بەشداری کاری وەزارەت لە دۆسیەی پاراستنی مافی مرۆڤ بڕیاماندا بە:-

- گۆرینی ناوی (یەکەی یەکسانی جێندەری) بۆ (یەکەی مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری)
- ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیــری داد**

---

**وەزارەتی کارەبا**

**ژمارە: ١٤٣٧ لە ٢٠٢١/٢/٢٣**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ بڕیارماندابە:

- گۆرینی ڕێکەوتی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا، کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٨ بڵاوبۆتەوە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بەم شێوەی خوارەوە:-
- ڕێکەوتی جێبەجکردنی ئەم ڕێنماییە درێژ دەکرێتەوە بۆ ٢٠٢١/٣/١ .
- ئەم بەیــانە جێبەجــێ دەکرێــت لە رۆژی دەرچــوونی و لە رۆژنــامەی (وەقــایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئەندازیار**
**کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**